# بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی و ئێراقی سەردانی خاتوو سینەم جەلادەت بەدرخان دەکات



دوێنێ ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی و ئێراقی بە یاوەری نزار بۆتانی ئەندامی مەکتەب سەردانی کەسایەتی ناوداری کورد خاتوو سینەم جەلادەت بەدرخانیان کرد.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و ئێراقی ستایشی ڕۆڵی بەدرخانیەکانی کرد لە خزمەتکردنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی لە دەرهێنانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و دانانی بناغەی ئەلف و بێی کوردی لاتینی لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان و ڕۆڵی ئەو کەڵە پیاوە و ڕەوشەن بەدرخانی خێزانی لە ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلەکەمان کە جێپەنجەیان لەم بوارەدا زۆر دیارە و ستایشی خاتوو سینەمیشی کرد کە لەو ڕێچکەیە لای نەداوە و درێژەی بەو خزمەتەی بنەماڵەکەی داوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

خاتوو سینەم بەدرخان لەلایەن خۆیەوە خۆشحاڵی خۆی بەو سەردانە دەربڕی سوپاسی گرنگی دانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بە بنەماڵەکەیان، هەروەها ڕێزی خۆی دەربڕی بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ دابینکردنی پاڵپشتی و هاوسۆزییەکی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد و مافە ڕەواکانی.

## پرسە و سەرەخۆشی

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بۆ هەڤاڵ سۆران ئیسماعیل بندیان**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەحمەدی براتانمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم خزم و دۆستانتان دەکەین و هیواداریین خوای گەورە برای جوانەمەرگتان بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و ئارامی و سەبووریش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا للە و انا الیە راجعون

**مەکتەبی سیاسی**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بۆ هەڤاڵ سەربەست تۆفیق بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ڕەسمیە سادق دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت بەم بۆنەیەوە بەناوی لقی 23 پرسە و سەرەخۆشی لە خۆتان و خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین، لە خوای گەورە داواکارین جێگای کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەوازیش بە هەموو لایەکتان ببەخشێ و ئەمە دوایین ناخۆشیتان بێت.

انا للە و انا الیە راجعون

**لقی 23**

## قەڵادزێ.. 345 پارچە زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیداندا دابەشکرا

**خەبات/ محەمەد ئەحمەد-ڕانیە:** لەهۆڵی بۆنەکان لەشارۆچکەی قەڵادزێ بەئامادەبوونی ئارام ئەحمەد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حەسەن عەبدوڵڵا قایمقامی پشدەر و ئاکۆ چاوشین بەرپرسی لقی 11 و بەرپرسی مەڵبەندی ڕاپەڕینی یەکێتی،لە ڕێوڕەسمێکدا 345پارچە زەویی نیشتەجێبوون بەسەر کەسوکاری شەهیدان لەسنووری قەزای پشدەردا دابەشکرا،هاوکات مامەڵەی تاپۆی 71پارچەزەویی تر دراوە بە کەسوکاری شەهیدان.

## لە سۆران ئامادەکاری بۆپێشوازی یادی مەولودی پێغەمبەر(د.خ) دەکرێت

**خەبات/ڕەنجبەربەرزنجی_ن_سۆران:** بەمەبەستی خۆئامادەکردن وبەرزراگرتنی یادی مەولودی پێغەمبەر (د.خ)ی ئەمساڵ، وەیسی سەعید وەیسی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بەئامادەبوونی نوێنەری لقی سۆرانی یەکێتی زانایان وسەنتەری زانایان وتێبینەرانی ئەوقاف سەرپەرشتی کۆبونەوەیێکی کرد،لە سەرەتای کۆبوونەوەکە جەخت لەسەر بایەخدان بەویادەکرایەوە لەسنورەکە و داواش لەمامۆستایانی ئایینی وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرا گرینگی بەویادە بدەن .ئینجا بڕیاردرا بەسازدانی پێنجەمین فیستیڤالی مەولود وسازکردنی ئاهەنگی مەولود لەسەرجەم قەزاوناحیەکان لەگەڵ ڕازاندنەوەی مزگەوت و شوێنە گشتییەکان و گرینگی دان بەچەندین چالاکی تری ئایینی.

## کونسلێ ئەلمانیا دگەل ژوار بازرگانیا دهوکێ دان وستاندن لدور پەیوەندیێن بازرگانی کرن

**خەبات/مسلح. ن-دهوک:** دوهی کونسلێ گشتی یێ ئەلمانیا ل کوردستانێ (ئویل ریش) وشاندێ پێرا سەرا ژوارا بازرگانیا دهوک دا ژلایێ مشیر رەزیکی جێگرێ رێڤەبەرێ ژورا بازرگانی وئەندامێن ژورێ پێشوازی لێ هاتە کرن ...دکومبونەکێدا رەزیکی خواست کو کومپانیێن ئەلمانی بهێنە کوردستانێ کاربکەن چونکو کومپانی وبەرهەمێن بازرگانی وپیشەسازی یێن ئەلمانی ناڤ ودەنگیا خو ل جەم خەلکێ کوردستانێ هەیە وحەزدکەین هەموو جورێن پەیوەندیان یێن بازرگانی وئابوری دگەل وەلاتێ ئەلمانیا خوشکەین وگوت دهوکێ تایبەتیەکا خو هەیە ودەرگەهەکێ نێزیکە بو ترکیا و وەلاتێن دن یێن ئەورپایێ ...ژلایێ خوڤە کونسلێ ئەلمانیا ل کوردستانێ گوت.. دێ کارکەین ورێکێ خوشکەین کو کومپانی وبەرهەمێنەرێن ئەلمانی پتر قەستا کوردستانێ ودەڤەرێ بکەن چونکو دەرگەهەکێ سەرەکی یە بو ترکیا وئیراقێ وئەورپا وگوت مە نڤێسینگەهەکا ئابوری یا تایبەت ل کوردستانێ ڤەکریە بو خورتکرنا هەموو جورێن پەیوەندیێن ئابوری وبا زرگانی وبەحسێ وان کومپانیا وبیاڤێن دن یێن با زرگانی وکلتوری وپەروەردەیی یێن ئەلمانی یا ل کوردستانێ هەین کر وگوت کونسلخانەیا مە هەرژدەست پێکا ڤەبونا وێ ل هەرێمێ نێزیکی 3000سێ هزار ڤیزێن ئەلمانی شاندێن بازرگانی وکلتوری وزانستی دابینکرینە ودیارکر دێ هەموو ئاسانکاریا کەن بو شاندێن هان.. دیسان بەحسێ پەیوەندیێن زانکویا دهوک دگەل زانکویا دوتموند یائەلمانی کر.

کونسلێ گشتی یێ ئەلمانیا ل کوردستانێ ئەو یەک ژی دیارکر وگوت ...ئەم ل ئەلمانیا کاردکەین ول دەزگایێن ئەلمانیا ددەینە دیارکرن کو هەرێما کوردستانێ یاجیاوازە ژجهێن دن یێن ئیراقێ ژلایێ ئێمناهیێ وئابوری وبازرگانیڤە ول سەر مالپەرێ وەزارەتا دەرڤە یا ئەلمانیا ئەڤ جیاوازیە دهێتە نیشان دان ..

پاش دەرگەهێ دان وستاندنێ هاتە ڤەکرن وچەند پسیار ل دور کاروبارێن بازرگانی وئابوری دناڤبەرا ژورا بازرگانی یا دهوکێ وشاندێ کونسلخانا ئەلمانیا ل کوردستانێ هاتنە کرن ...

## لە پێکدادانی 5ئۆتومبێل لە سلێمانی 3هاوڵاتی بریندار دەبن

**خەبات-ن-سلێمانی –نەبەز بازیانی** : لە ئەنجامی پێکدادانی 5ئۆتومبێل لە سلێمانی 3هاوڵاتی برینداربوون .لەوبارەیەوە مولازم خۆشناو ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بە خەباتی ڕاگەیاند:"لە سەر ڕێگەی عەربەت- سلێمانی و لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتووچۆ پێنج ئۆتومبێل بە یەکیانکێشاوە و جگە لە زەرەری مادی 3هاوڵاتیش برینداربوون ":

ناوبراو گوتیشی:"ڕووداوەکە لە نزیک پردی ولۆبەی شاری سلێمانی بووە و کە تیایدا 3ئۆتومبێلی ڕێخراوی (WHO) نەتەوە یەگرتووەکان بووە و ویستوویانە سەردانی شاری هەلەبجەی شەهید بکەن و لە ئەنجامیشدا 2کارمەندی ئەو ڕێخراوە و 1هاوڵاتی کورد برینداربوونە و دوواتر گەیەنراونەتە نەخۆشخانە بە مەبەستی چارە سەرکردنیان ":... ناوبراو ئەوەشی باسکرد:"هۆکاری ڕوودانی ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ تیژڕەوی "

## بەرپرسی لقی 2 لەگەڵ مەسیحیانی عەنکاوە کۆدەبێتەوە

**خەبات / کەیفی:** بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانی مەسیحیانی شارۆچکەی عەنکاوە و گوێگرتن لە داوا و دید و بۆچوونەکانیان، عەلی حوسێن بەرپرسی لقی 2 بە ئامادەبوونی کارگێڕان و بەرپرسی ناوچەی عەکاوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسایتی و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و قوتابیان و ئافرەتانی شارۆچکەی عەنکاوە بە هەموو پێکهاتەکانی مەسیحی لە کلدان و ئاشووری و سریانی کۆبۆوە.
لەو کۆبوونەوەیە دا بەرپرسی لق دوای ئاماژەدان بە دوایین پێشهات و ڕووداو و بارودۆخی هەستیاری سیاسی و ئاڵۆزییەکانی ئەمڕۆی ئێراق و ناوچەکە، تەئکیدی لە پاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە مێژینەی ئاشتییانەی نێوان گشت پێکهاتە و ئایین و نەتەوەکان و خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان کردەوە. هەروەها هەموو پێکهاتەکانی مەسیحی هەرێمی کوردستانیشی وەک بەشێکی ڕەسەن و گرنگی دانەبڕاوی خەڵکی کوردستان وەسف کرد، لەم ڕووەوە ئاماژەی بە ڕۆڵی قوربانییەکانی خەڵکی مەسیحی کرد کە شانبەشانی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناو ئازادی ئەمڕۆی کوردسان لە پاڵ نەتەوەی کورد لە شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان ئێش و ئازار و دەربەدەری و ئەنفال و قربانییەکی زۆریان داوە، هەر لە میانی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی لق ئاماژەی بە هەڵوێست و هەنگاوەکانی حەکیمانەی سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد لە پاڵپشتی و هێنانەکایەی ڕەوشی ئارامی پێکەوە ژیان گرنگیان بە مافی گشت پێکهاتە و نەتەوە ئایینەکان و بەرەو پێشبردنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان کرد، پاشان بەرپرسی لق گوێی لە داوا و داواکارییەکانی ئامادەبووان گرت و تەئکیدی کردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی زیاتر بدەن بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێک.
لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی لقی 2 و کارگێڕانی لق سەردانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانیان لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد و لەلایەن پۆلس شەمعون سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان و ئەندامانی کۆمەڵگە پێشوازی کران. لە دیدارێکدا بەرپرسی لقی 2 تەئکیدی لە خزمەتکردنی زیاتری گشت چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی عەنکاوە و پاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی کردەوە.

## کارەبای هەولێر داوا لە هاووڵاتیان دەکات بە پێی پێویست کارەبا بەکاربێنن

**خەبات/ هاوار مورتکەیی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر لە ئاگادارییەکدا داوا لە هاووڵاتیان دەکات کە بە پێ پێویست کارەبا بەکاربهێنن و لە هەمان کاتیش ڕونکردنەوە دەدات کە بە هۆی ساردی کەش و هەواوە ئەم حاڵەتە هاتۆتە پێش، ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر لەمبارەیەوە دەڵێت: دوای ساردبوونی کەش و هەوا و بەهۆی زیادبەکارهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر لەلایەن هاوبەشانی کارەباوە، کێشەی بارزۆری لەسەر تۆڕەکانی کارەبا لە هێڵەکانی 132 کەی ڤی و 33 کەی ڤی و 11 کەی ڤی و وێستگەکانی گۆڕینی ڤۆڵتیە و محەویلەی گەڕەکەکان دروست بووە،سەرەڕای کەمبوونەوەی کاتەکانی هەبوونی کارەبا و پچڕ پچڕ بوون لە زۆر جێگادا و چەندین گرفتی تریشی بەدوای خۆیدا هێناوە وەکو جیاوازی لە کاتی هەبوونی کارەبا لەناو یەک گەڕەک یان لەنێوان گەڕەکێک و گەڕەکێکی تر و قەزاو ناحیە و کۆمەڵگە و گوندێک و ئەوانەی تر هەروەها زۆربوونی حاڵەتەکانی تێکچوونی تۆڕەکانی کارەبا، کە وایکردوە تیمەکان بە چاککردنەوەیان ڕانەگەن و دوابکەون و فشارێکی زۆری لەسەر هاووڵاتیان و کارمەندانمان دروست کردووە، بۆیە داواکارین لە هاووڵاتیانی بەڕێز کە هەماهەنگیمان لەگەڵدا بکەن و بە پێی پێویست گڵۆپ و ئامێرەکانی کارەبا بەکاربهێنن و لە کاتی پێویست نەمانیان، بیانکوژێننەوە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتیان بکەین.

## باڵەکایەتی.. لە کەم و کورییەکانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دەکۆڵدرێتەوە

**خەبات/بەختیار قادر ن. چۆمان:** بەرامبەر بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی ساڵی ڕابردوو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و پلان دانان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ساڵی 2012، شاندێکی سەرۆکایەتی شارەوانیەکانی هەولێر بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل مەحمود سەردانی دەڤەری باڵەکایەتیان کردو لە دیوانی قایمقامیەت لەگەڵ بەرپرسانی یەکەی کارگێڕی چۆمان و شارەدێکان و سەرۆک شارەوانیەکان کۆبوونەوە.

ئیسماعیل مەحمود بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لە ساڵی ڕابردوودا پرۆژەی زۆر لە دەڤەری باڵەکایەتی جێبەجێ کراون و بەشێک لەو پرۆژانە بەکۆتاهاتوون، بەشێکی دیکەشیان کاریان تێدا دەکرێت و هاتووین لە نزیکەوە ئەو پرۆژانە بەسەربکەینەوە، هەروەها گوێ بگرین لە بەرپرسی یەکە کارگێڕیەکان و سەرۆکی شارەوانیەکانی ناوچەکە بۆ پلان دانان بۆ ئەو پرۆژانەی کە بڕیارە لەم ساڵدا بخرێنە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

لای خۆشیەوە قایمقامی چۆمان عەبدولواحید گوانی بە خەباتی وت: لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ بەرپرسی شارەوانیەکانی هەولێرو بەرپرسی شارەدێکان و سەرۆک شارەوانیەکانی چۆمان، قەسرێ، سمیلان، گەڵاڵەو حاجی ئۆمەران، کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بەدوا داچوون بۆ سەرجەم ئەو پرۆژانەی کەساڵی ڕابردوو خراونەتە واری جێبەجێکردن و هەروەها ئەو پرۆژانەش پێشکەش بە شارەوانیەکان بکەین کە جێبەجێکردنیان زەروورەو پێویستە لە ماوەی ئەوساڵ جێبەجێ بکرێن.

## پێشنیاز دەکرێت لقێکی پرۆژەی پەرەپێدانی دارایی ئەمەریکا لە هەولێر بکرێتەوە

دوێنێ د. ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پێشوازی لە شاندێکی بەشی فێرکردنی دارایی و بانکەکان و کاروباری پرۆژەی پەرەپێدانی دارایی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی مارک گریس بەڕێوەبەری پرۆژەکە کرد، لە دانیشتنەکەدا پێشنیازی کردنەوەی لقێکی پرۆژەکە لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری کرا بۆ پەرەپێدانی بانکەکان و فێرکردنی دارایی، هەر دوێنێ بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەو ۆرک شۆپەی کە ساڵی ڕابردوو لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی کەنەدی – دوبەی و زانکۆی ماساستیوتسی ئەمەریکی ئەنجامدرا، شاندێکی زانکۆی کەنەدی – دوبەی کە پێکهاتبوو لە پ. د. کەریم شەلی سەرۆکی زانکۆی کەنەدی – دوبەی و قوتبیە ئەحمەد بەڕێوەبەری بیناکاری لە زانکۆی ناوبراو سەردانی زانکۆی سەلاحەدینیان کرد و لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە پێشوازییان لێکرا، تەوەری دیدارەکە باسکردن بوو لە پەرەپێدانی بەردەوام و پاراستنی بینا و شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان و فراوان کردنی ئەو ۆرک شۆپە بۆ کۆنفرانسێکی زانستی لە هەولێر.

## دەڤەری پشدەر...دانیشتووانی پێنج گوندی ناحیەی ژاراوە داوای خزمەتگوزاری دەکەن

**خەبات/محەمەد ئەحمەد-ڕانیە:** دانیشتووانی پێنج گوندی حەوزی شەروێتی سەربەناحیەی ژاراوە لەدەڤەری پشدەر کە بریتین لە گوندەکانی(شەروێت،زوودان،دەرگەڵە،مامژیلە،سیدەڵان)گلەیی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە کەمتەرخەمی دەنوێنن لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان و وەکو پێویست ئاوڕیان لێنادەنەوە.دیارترین گرفتی دانیشتووانی ئەو گوندانە،نەبوونی ڕێگای هاتووچۆیە لەگوندەکانیانەوە بۆ سەر ڕێگای سەرەکی و شارۆچکەی ژاراوە،تەنانەت بەهۆی خراپی ڕێگاکەیانەوە ساڵی ڕابردوو هاووڵاتییەکی یەکێک لەگوندەکان لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەستدا.یەکێکی دیکە لە گرفتەکانیان کەمی ئاوی خواردنەوەیە،بیری ئاوی گوندی زوودان بێ کارمەندەو هەر ڕۆژەی یەکێک لەدانیشتووانی گوندەکە کار بەترۆمپای بیرەکە دەکات و دەبێتە میراوی دابەشکردنی ئاو بەسەر ماڵاندا،لەگەڵ چەندین گرفتی دیکەدا کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دانیشتووانی ئەو گوندانە دەبنەوە، هەربۆیە داواکارن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕیان لێبدەنەوەو گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

## سلێمانی... لە دەمەقاڵێیەکی نێوان پۆلیسێکی هاتوچۆ و ئاسایشێک، پۆلیسەکەی هاتوچۆ بریندار دەکرێت

**خەبات-ن-سلێمانی –نەبەز بازیانی** : لە شەقامی سالم لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی لە ئەنجامی شەڕێکی نێوان پۆلیسی هاتووچۆ و کارمەندێکی ئاسایش، تەقەکردن ڕوویداو بەهۆیەوە پۆلیسێکی هاتووچۆ برینداربوو. لەو بارەیەوە بەڕێوبەری ئاسایشی ناو شار خالید ماوەتی بە خەباتی گووتی:" دوێنێ شەو لە ئەنجامی دروستبوونی دەمەقاڵێ لە نێوان کارمەندێکی ئاسایش و مەفرەزەیەکی هاتووچۆ لە شەقامی سالم لە سەهۆڵەکە، گرژی کەوتۆتە نێوانیان و سەر ئەنجام تەقەیان لە یەکتر کردووە و دواجار پۆلیسێکی هاتووچۆ برینداربووە .زیاتر ڕوونیکردەوە کە دووای ڕووداوەکە بریندارەکە گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و باری تەندروستیشی جێگرەو لە لایەن بنکەی پۆلیسی ڕزگاریشەوە دەست کراوە بە لێکۆڵینەوە .

## لەگەڵ بەرپرسی لقی 10 قوتابیان باس لە ئاریشەکانیان دەکەن

**خەبات/ڕەنجبەربەرزنجی_ن_سۆران:** د. عەلی تەتەر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی 10ی سۆران لەگەڵ نوێنەری قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکانی دەڤەری سۆران لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن کۆبۆوە، لەو دیدارەدا بەرپرسی لق تیشکی خستە سەر گرنگی چینی قوتابیان وەک توێژێکی هەستیاری کۆمەڵگە و بە هەوێنی پێشکەوتن و پێکەوە ژیانی کۆمەڵگایەکی شارستانی لەقەڵمدا، دواتر نوێنەرانی قوتابیان باسیان لە گیروگرفتەکانیان پەیوەست بە پرۆسەی خوێندن و ژیانیان لە بەشە ناوخۆییەکان کرد و چەندین ڕێگە چارەش بۆ ئەم ئاریشانە گفتوگۆی لەبارەوە کرا و بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکاری پاڵپشتییەکیش لەلایەن بەرپرسی لقەوە بە قوتابیان درا.

تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لەبیر بێت